# KURDISH DIASPORA


تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە،
لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچیت،
ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە.
سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.
ئەم ژمارەیە لە سلێمانییەوە بڵاوکراوەتەوە..


# تاراوگە TARAWGA


**25 Dec. 2018 No. [27]**

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807


**لە تاراوگە، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە**


نوسەری ناسراو ڕەئووف حەسەن کۆچی دواییان کرد...! ل1

ئەم هەموو کوری حەسەنە– سەردار مەحمو ل 1

نووسین و پرسی ئازادی .....! حەمەفەریق حەسەن– ل 2

دۆسیەی ٤٩ کەسەکە ...! بەکر شوانی ل 3

تایبەت بە دۆخی ئەورووپای خۆرئاوا....تاریق هێدی. ل 4

هونەرمەندی شێوەکاری کورد
کاوە ڕەمزی......ل8




KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

# تاراوگە
TARAWGA

بڵاوكراوەیەكی كوردیی هەوالییە. لە هۆڵەندا دەردەچێت

25 December 2018

Tel&viber&WhatsApp: +31684950807

Emai: sardarfatah@live.nl

ژمارە 27

ساڵی یەکەم 25 دیسەمبەری 2018

# حزب دەزگەیەکی سیاسییە، نە ئەدەب و هونەر دەئەفرێنێ، نە نووسەر و هونەرمەندیش دروست دەکات، بەڵکو دەستەمۆیان دەکات.

نوسەر و ڕاگەیاندنكاری خاوەن پەیام، یان دەزگە و پەخشی كاریگەر و زیندوو، كە بیەوێ بمێنێتەوە و لە لایەن هیچ گروپ و تاقمێكەوە بەكار نەهێنرێت بۆ پەیامی تایبەتی، دەبێت هەمیشە ئامێزی ئاواڵابێت بۆ هەموو بیروهزر و بۆچوونێكی ئازادانەی بێ تانەوتەشەر، كە لە خزمەت سەرجەمی چین و توێژ و ڕاستەڕێی پەیامی گەلدا بێت، ئەوسا ئامانجەكانی دەپێكێت.

لەم سۆنگەیەوە تاراوگە، وەک بڵاوكراوگەیەكی كوردستانیانی تاراوگەنشین، ئەگەر بتوانێت و پشتگیری نوسەران و ڕوناكبیرانی ڕاستەقینەی هەموو بەشەكانی كوردستان بەدەست بێت و بە جدی لە پشتی بن، چونكە دەیەوێت بە كردەوە ئەو ڕۆڵە بگێڕێت ئەوا لە ماوەی ئایندەدا دەكەوێتە سەر پێی خۆی.

تاراوگە پێی وایە، تا دەنگێكی یەكگرتووی ڕاستەقینەی یەكترقبووڵكەری ڕەخنەگرانەی جدیی پۆزەتیفانەی ئەوتۆ دروست نەبێت، كە هەوڵ بدات بۆ ئەوەی كۆمەڵگەیەكی ئەوتۆ دروست بێت، كە یەكتریان خۆش بوویت، ململانێ تەنها لە پێناوی جوانترین و باشترین و داهێنەرانەترین بەرهەم و كاڵا بۆ خۆیان و نەوەكانیان فەراهەم بهێنرێت، ناتوانێت ڕۆڵی كاریگەر ببینێت.

هەر كەس و تاقم و گرووپێك، پێی وابێت خۆی لەوی تر باشترە و خۆی بێ خەوش و داێنهێنەرترە، لەبەرانبەرەكەی، بێگومان ناتوانێت هەنگاوێك، نە خۆی نە كۆمەڵگە بەرەوپێش بەرێت.

ئێمە دەبێت لە خۆمانەوە دەست پێبكەین و ڕەخنە لە خۆمان بگرین، هەڵسەنگاندن بۆ كاروبەرهەمەكانی خۆمان بكەین، دەوروبەرەكەشمان بەوردی بخوێنینەوە، سەركەوتنی تەكنۆلۆجیی و ڕوناكبیری وڵاتانی پێشكەوتوو، تەنها بەم ڕێباز و ڕێرەوە توانیویانە، بگەن بە ئامانجەكانیان.

لەم ژمارەیەدا دەستەواژەی ناو نوسینێكی مامۆستای چیرۆكنووس (حەمە فەریق حەسەن)مان كردووە بە مانشێتی سەرگوتار، كە دەربارەی نووسین و پرسی ئازادی دەدوێ، ئەو بڕوای وایە (حزب دەزگەیەكی سیاسییە، نە ئەدەب و هونەر دەئەفرێنێ، نە نووسەر و هونەرمەندیش دروست دەكات، بەڵكو دەستەمۆیان دەكات.)، ئێمەش لەسەرەتاوە لە سۆنگەی ئەو بۆچوونەوە، دەستمان بە بڵاوكردنەوەی بڵاوكراوەی تاراوگە كرد، تا بتوانین دەنگی ڕۆشنبیران و نوسەرانی تاراوگەنشین یەكبخەین، دوور لە فشاری حیزبی و وەلای سیاسی، تەنها كوردستانیانە بئاخڤین.

لێرەوە داواكارین لە نوسەران و ڕوناكبیرانی كورد لە تاراوگە هاوكار و پشتیوانمان بن.

**تاراوگـە**

## ئەو هەموو کوڕی حەسەنە...!







سەردار مەحمو *

پێش داهاتنی ئەم سۆشیال میدیایە و بە تایبەت دەورانی ڕەشی بەعس، ئەگەرچی ڕەقابەیەكی سیاسی، لەلایەن نا كەسەكانی بەعسەوە، لە سەر نووسین و نووسەران هەبوو، لەم لاشەوە ڕەقابەیەكی ئەدەبی و هونەری زۆر جوان و پێویست لەلایەن كەسانی لایەقەوە لەسەر بەرهەمەكان هەبوو. بۆیە قیاس بەم فەوزایەی ئەمڕۆ، دەكرێت ئەو ڕۆژانە ناوبنێین (سەردەمی زێڕین)ی هەموو جومگە ئەدەبی و سیاسی و هونەریەكانی كورد.  بەرهەمەكان كەمبوون، وەلێ زۆر بوون.!  ئەو ڕۆژانە كۆمەڵێك قەڵەمی زێڕین، لە مەیدانەكەدا هەبوون. بۆیە ئێمەو مانان، ئەگەر تەنها ناومان بچوایەتە پۆستەی خوێنەرانی گۆڤاری ئازیزی (بەیان)ە وە، خۆمان بە تۆڵستۆی ناو سوشیال میدیای ئەمڕۆ نەدەگۆڕییەوە.!  ئەو ڕۆژانە كۆمەڵێك كوڕی حەسەن، بە قەڵەمەكانیان، ڕێبواری ماندو نەناسی ئەدەبی كوردی بوون.  عەبدوڵای حەسەنزادە، ڕەوف حەسەن، حەمەفەریق حەسەن، حەمەسەعید حەسەن، شێرزاد حەسەن و زۆر حەسەنپور و حەسەنزادە و حەسەنپەنا و حەسەندۆستی تریش لە سەرانسەری كوردستاندا . بۆیە ئێمەی خوێنەری جدی ئەوسا، زۆر جار ئەوە دەبوو بە مایەی سەرنجمان، ئەم هەموو كوڕی حەسەنە چۆن نووسەرن ؟! یادی ڕەوف حەسەن زیندوو بمێنێت، هەزار ئەوەندەی نزیكی ناوەكانیان، تاڵاوی مەرگ لەمانەوە دوور بێت. بە داخەوە، هەواری ئەدەبی كوردی، درەختێكی بەرداری ووشك بوو! یادی ڕەوف حەسەن بەخێر...


* بۆ پشتڕاستكردنەوەی ئەم بۆچوونەی كاك سەردار مەحموی هاوكارم و ئەو هەموو كوڕی حەسەنانە،  بەندە چەند گروگاڵێكی نووسینم لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكانی ئەوكاتە بە ناوی (سەپان حەسەن)ەوە بڵاوكردۆتەوە.
سەردار فەتاح ئەمین.

# نووسین و ................ پرسی ئازادی .....!

حەمەفەریق حەسەن

نووسین ڕایەڵێک، یان تان و پۆیەکی ئەفسوونییە لە وشە، مکۆم و ڕاستەوخۆ، نووسەر بە جەنگەی ژیانەوە گرێ دەدات. وێڕای ئەوەی پرسی نووسین چەکێکە بۆ بەگژداچوونەوەی خراپەکاری و ڕزگاربوون لە دەردوبەڵا کۆمەڵایەتییەکان. لەم ڕووەوە پەیامبەر، پیاوچاک و هزرڤانە بە وەجەکانی دونیا کەڵکیان لێ بینیوە.

ئەو کتێبانەی وا لە ژێر ناونیشانی چیرۆک و ڕۆماندا خۆیان دەنوێنن و شێوەگیربوونە، بێدەنگ و شەرمن بە جامخانەی کتێبفرۆشییەکاندا ئاوێزانن، خراپ لێیان تێمەگە گیانە، ئەوانە لێوانلێون لە هاوار و قیژە، بە ڕووی بێدادی، هەژاری و نەزانیدا.



خۆ ئەو چیرۆک و ڕۆمانانە، بیابانی دەموشک و چۆڵەوانی نین برا. ئا تۆ تەرشیف ببەرە دیداریان و سەرێکیان بەلادا لاربکەرەوە و ببانبینە، بزانە چۆن، لە قەڵەمڕەوێکدا کە کورانی خێڵ خۆشەویستییان قەدەغە کردووە، ئەو کتێبانە بوون بە جێژوانی عاشقان. هەموو ئەو پەژموردانەی لە دەرێ، ڕێیان پێ نادرێت، تاوێک پێکەوە دانیشن و دەردیدڵ بکەن، با تەشریف بێننە نێو لاپەڕەی ڕۆمان و چیرۆکەیل. لەوێ لەدەم دەروازەی والای ئەو کتێبانەدا یەکتری بلاوێنن و گۆرانی بۆ یەک بچڕن!

لە کۆمەڵی بەجێماودا، کاتێک نووسەر هەست بە ستەم دەکات، ئیتر بەناچاری دەست بۆ قەڵەمەکەی دەبات. کاتێک ترس و تۆقین لە چاوی ژن و منداڵدا دەخوێنێتەوە، دەست بۆ قەڵەمەکەی دەبات، کاتێک برسێتی ڕەنگ و ڕووی مرۆڤ دەڕژاکێنێت و خێزانەکان وێران دەکات، دیسان ئەو دەست بۆ قەڵەمەکەی دەبات. لەو بترازێت، نووسەر چەک و پشت و پەنای دیکەی نییە. وەلێ تۆ هەروا سادە و سانایش بۆ دەقی نووسراو مەڕوانە. نووسین کردەیەکی ئاڵۆزە، ڕەنگە گرانترین کارێک مرۆڤ بتوانێت ڕاییبپەڕێنێت ئەوە بێت، کاتێک ئەوی نووسەر بیردەکاتەوە و دەنووسێت و ڕووداوەکانیش لەگەڵ خەیاڵی خۆیدا ئامێتە و شکڵگیر دەکات.

وشە فیگەرێکی بەتوانایە، بوێر و زیتەڵەیە، بە کۆیلەی مەکە. وشە هەر ئەوەندەی لە زار دەرهات، یان لە نووکی پێنووسەوە سەری کرد و گیانی بە بەردا کرا، ئیدی یەکسەر باڵەفرە دەبێت. بۆ پەڕینەوە لە چیا و زەریاکان، پێویستی بە پسووڵە نابێت.



بۆ گەیشتن بە ناخی خوێنەر پێویستیی بە یارمەتی نابێت. ئێستا نابینا و کەڕ و لاڵەکانیش وشەیان لێ عاسی نابێت. ئەوەندە هەیە، بەهرەی نووسین، توانایەکە، لەنێو تاکوتەرای مرۆڤدا دەردەکەوێت و چەکەرە دەکات.

نووسین لە هەموو ژینگەیەکدا پیرۆوکە نابێت. بەهرەی ئەدەبی و هونەری، لە سەر پرسی ئازادی وەستاوە، بە هەوای ئازادی دەژی. دەسەڵاتی ئاین، خێڵ، تایەفە و سیاسەت، ئەگەر بەسەر بەهرەوە چاودێر بن، دەیچرووسێنن و ناهێڵن گەشە بکات.

مرۆڤی داهێنەر، تاکێکە بڕوای بەخۆیەتی. کردەی داهێنانیش براگەورەی قەبووڵ نییەو هەرچی ناوی دەسەڵات بێت، ڕەتی دەکاتەوە. داهێنەر وا بە سەر پشتی ئەسپە کوێتی خەیاڵەوە و تاوی دەدات. سنوور بۆ دانان، ڕێنمایی پێدان و کوێخایەتی، لە قاڵبی دەدات و ڕاستگۆیی لێ دەسێنێتەوە.

داهێنان تەنیا یەک مەرجی هەیە، ئەویش ئازادییە بۆ داهێنەر. چاوسوورکردنەوەی حزب، ڕێنمایی حزب، براگەورەیی حزب، ڕاستگۆیی لە بەرهەمی ئەدەبی دەسەنێتەوە. تەنانەت نووسەر خۆیشی، کە ئەفرێنەری کارە ئەدەبییەکانە، ئەگەر ئازادیی تەواو بە هەڵسوکەوت و بیروڕای کارەکتەرەیلی نێو چیرۆک و ڕۆمانی خۆی نەدات و نەهێڵێت ڕووداوەیل، سروشتی و بێگری بەرەوپێش بچن، ناتوانێ ئەدەبێکی زیندووی ئەوتۆ بێنێتە بەرهەم، بەرگەی ڕۆژگار بگرێت.

ئەوەیان کاری نووسەر، یان هونەرمەند نییە، مرۆڤەکان بە سەر کەسانی خوازراو و نەخوازراودا دابەش بکات. فلان لە خۆمانە و فیساریش لە خۆیانە. یەکەمیان بلاوێنێت و دووەمیشیان ببوغزێنێ.

نەخاسمە ئەگەر تاکەکان نووسەر و هونەرمەند بن. مرۆڤی بەهرەمەند، تاکێکی بەئاگای ژیاندۆست و مرۆڤدۆستە. نەک حزبدۆست، تایفەدۆست و خێڵدۆست.

لە لایەکی ترەوە، ژانری ئەدەبی ئەفرێنراوێکی گرووپی نییە، تاکو ئەم و ئەو لووتی تێ بژەنن. بەڵکو زادەی زەینی تاکە مرۆڤێکە. دووەم کەس، هەر دەزگە و جەنابێک بێت، لە ژێر هەر پاساوێکدا لووتی تێ بژەنێت، یان دەستی تێ بخات، دەیشەمزێنێت. حزب دەزگەیەکی سیاسییە، نە ئەدەب و هونەر دەئەفرێنێ، نە نووسەر و هونەرمەندیش دروست دەکات، بەڵکو دەستەمۆیان دەکات.

# دۆسیەی ٤٩ کەسەکە ...! بەکر شوانی*

لەم کاتەدا لە چەندین وڵاتی جیهان شەڕ و ناکۆکی هەیە، بەڵام سەرۆک و گەورەی هیچ وڵاتێک بە دەم هەڕەشەی کوشتن و پاکتاوکردنی لایەنی بەرامبەر ناکات، وەک ئەوەی سەرۆکی تورکیا لەم ڕۆژانەدا لە کۆبوونەوەی جەماوەری و لە بەردەم کامێراکاندا بەڵێن دەدات سەنگەرەکانی شەڕڤانانی کوردی ڕۆژئاوا بکات بە گۆڕستان بۆیان و هەموویان پاکتاو بکات. بۆ تێگەیشتن لەو ڕقە ئەستوورە بەرامبەر بە کورد و خەباتی ڕەوای لە پێناوی بە دەستهێنانی مافە سرووشتییەکانیدا، پێویست دەکات لاپەڕەکانی مێژووی ستەمکاریی سیستەمەکانی تورک، لە دژی کورد هەڵبدەینەوە، کە لێوانلێون لە نموونەی هەوڵی لەناوبردن و سڕینەوەی کورد و ئەگەر ئەوەیش نەکرا، ئەوا ئاسیملەکردنی. دەستەواژەی "سیستەم"م بەکارهێنا، نەک گەلی تورک، چونکە مەرج نییە هەموو تاکێکی تورک وەک سەرانی دەوڵەت بیر بکەنەوە. تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر تورک لە پێناوی دۆزی کورددا گیانیان بەخت کردووە و زۆری تریش لەو پێناوەدا بەردەوامن. لای خوارەوە و بە پشتبەستن بە بیرەوەرییەکانی موسا عەنتەر بە کورتی باسی "دۆسیەی ٤٩ کەسەکە" دەخەمە بەردەستی ئێوەی بەڕێز...



سەرۆک کۆمار جەلال بایار، جێگری دووەمی فەرماندەی سوپا جەودەت سونای، وەزیری دەوڵەت تۆفیق ئیلەری، سەرۆک وەزیران عەدنان مەندەرێس و وەزیری دەرەوە فاتین ڕوشدی ڕۆژێکی پایزی ساڵی ١٩٥٩ کۆ دەبنەوە و ڕاپۆرتێک تاوتوێ دەکەن کە لەلایەن سەرۆکی میت ئەرگون گوێکدەنیزەوە ئامادە کراوە. خاڵە بنەڕەتییەکانی ڕاپۆرتەکە کە دوای کودەتای ساڵی ١٩٦٠ لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری(Yön) دا بڵاو کراوەتەوە (ئەمە قسەی موسا عەنتەرە)، بەم جۆرەن؛ ١: ئەگەر تورکیا ١٠٠٠ ڕۆشنبیری کورد لەناوببات، ئەوا کێشەی کورد لە تورکیا بەلایەنی کەمەوە ٣٠ ساڵ بۆ نزمترین ئاست دادەبەزێت، ٢: ئەو کوردانەی دەستگیریان دەکەین، بە کۆمۆنیست ناویان دەبەین، چونکە کوردەکان حەز لە کۆمۆنیزم ناکەن و لەو حاڵەتەدا پشتگیری لە دەستگیرکراوان ناکەن، ٣: نابێت دەستگیرکراوەکان دۆست و ناسراوی بەهێزیان لە ناو پارتەکاندا هەبێت و هتد...جەلال بایار و جەودەت سونار یەکسەر ڕەزامەندی دەردەبڕن. جەلال بایار بە پشتبەستن بە ئەزموونەکانی خۆی لە دەرسیم، لە کۆبوونەوەکەدا دەڵێت: "بەڕاستی پێویستە ڕەگ و ڕیشەیان دەربهێنین." تۆفیق ئیلەری کە وەک کەسێکی تورانی ناسرابوو، دەڵێت: "برادەران، ئێوە دەمناسن. من دۆستی کورد نیم، بەڵام ترسی ئەوەم هەیە بە کردەوەیەکی لەم جۆرە جەزایەر بهێنینە کوردستان." لەو کاتەدا شۆڕشی جەزایەرییەکان لە دژی فەرەنسا لە دنیادا دەنگی دابووەوە. فاتین ڕوشدی دەڵێت: "شتی وا نابێت، من لە ئێستاوە دەست لە کار دەکێشمەوە، چونکە ڕووی ئەوەمان پێوە نەماوە لە دەرەوەی وڵات سەیری ناو چاوی خەڵکانی تر بکەین.



کۆمەڵکوژیی ئەرمەنی و ڕۆم و کورد... ئێمە ئەم هەموو کۆمەڵکوژییەمان ئەنجام دابێت، ناتوانین بیانوو بۆ دانەیەکی تر بهێنینەوە..." عەدنان مەندەرێس کە تا ئەو کاتە تەنیا گوێی گرتووە، دێتە گۆ و دەڵێت: "باشە برادەران، ئەو تاوانانەی کە سەرۆکی میت لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی پێیان داوە، سزای هەموویان لە سێدارەدانە. سەرەتا ٥٠ کەسیان دەستگیر دەکەین و بە بڕیاری دادگا لە داریان دەدەین. پاشان دەستە دەستە هەر جارێک ٥٠ کەس دەستگیر دەکەین و بە بڕیاری دادگا لە داریان دەدەین و بەوجۆرە لە داردانی ١٠٠٠ کەس بە ئەنجام دەگەیەنین". هەموویان پێشنیارەکەی مەندەرێس پەسەند دەکەن. ئەمجار فەرماندەی هێزەکانی پیادە لە ئەنقەرە ٥٠ فەرمانی دەستگیرکردنی بێ ناو دەردەکات و دۆزینەوەی ناوەکان و دەستگیرکردنیان بە میت دەسپێردرێت. هەمان کات لە ئیستانبوڵ لە کۆنە کۆگایەکی بارەگای جەنگی سەردەمی عوسمانی جێگەیەکی پیس و تەنگ بۆ دەستگیرکراوان دابین دەکرێت. دوای ئەوە شەوی ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩ موسا عەنتەر و کوردەکانی تر لە سەرانسەری تورکیا لە ئۆپەراسیۆنێکی هاوکاتدا دەستگیر دەکرێن. موسا عەنتەر لە بیرەوەرییەکانیدا بە دوور و درێژی باسی هەلومەرج و دۆخی ژیانیان لە گرتووخانەدا دەکات و لە ناو هەموویاندا زۆر بەزەیی بە یاشار کایا (١٩٣٨–٢٠١٦)دا هاتووەتەوە کە بە تەمەن لە هەموویان گەنجتر بووە و ژوورەکەیشی هێندە تەنگ بووە کە ناچار بە پێوە خەوتووە. دوای ١٤ مانگ کە دەبرێنە دادگا، ژمارەیان بووە بە ٤٩ کەس و بەو جۆرە پرۆسەکە وەک "دۆسیەی ٤٩ کەسەکە" ناو دەردەکات. وەک موسا عەنتەر دەیگێڕێتەوە، ئەمین باتووی خەڵکی ماردین کە لە کاتی دەستگیرکردنیدا خوێندکاری قۆناغی سێیەمی کۆلێژی یاسای زانکۆی ئەنقەرە بووە، لە زیندان بە هۆی بەربوونی خوێنی گەدەوە دەمرێت و بەو جۆرە ژمارەی دەستگیرکراوەکان لە ٥٠ کەسەوە دەبێت بە ٤٩ کەس. کاتێک موسا عەنتەر دەگاتە ژوورەکەی ئەمین باتوو، دەبینێت خوێن لە دەمی دێت و بە خوێنی خۆی لەسەر دیواری ژوورەکەی ئەمەی نووسیوە: "پێم باشە دڕک بم لە باخچەی ئازادیدا، نەک گوڵ لە باخچەی دیلیدا". لە کاتێکدا موسا عەنتەر و هاوڕێکانی لە ژوورە تەنگ و تاریکەکانی گرتووخانە چاوەڕێی دیاریکردنی ڕۆژی دادگاییکردنیان دەکرد، لە ٢٧ی گوڵانی ١٩٦٠ کودەتای سەربازی ڕووی دا و بارودۆخ لە تورکیا گۆڕا. دواجار لە ٣ی کانوونی دووەمی ١٩٦١ دادگاییکردنی دەستگیرکراوان دەستی پێ کرد و داواکاری گشتی داوای لە داردانی ٢٥ کەس لە دەستگیرکراوانی دەکرد. لە ئاکامدا پرۆسەکە بە زیندانیکردنی هەندێک لە دەستگیراوان و دوورخستنەوەی بڕێکیان و ئازادکردنی ئەوانی دی کۆتایی پێ هات. ئەم بەسەرهاتە درێژە و لق و پۆی زۆرە، بەڵام من لێرەدا کۆتایی پێ دەهێنم و لای خوارەوە لیستی دەستگیکراوەکان دادەنێم بۆ ئەوەی بزانن کێ و خەڵکی کوێ بوون و پیشەیان چی بووە و بۆتان ڕوون ببێتەوە کە دەوڵەتی تورک لەو سەردەمەدا چ دەستەیەکی بژاردەی لە کەسایەتییەکانی کورد بە مەبەستی لەناوبردنیان دەستگیر کردووە!

1– شەوکەت توران، ماردین، ئەفسەری پایەبەرز و بەڕێوەبەری هۆبەی دارایی لە ئەکادیمیای پزیشکیی گویلهانە.

2– ناجی کوتلای، قارس، پزیشکی تایبەتمەند.

3 –عەلی قەرەخان، سوێرەک، پارێزەر.

4– کۆچۆ ئەلبیستان، هاسە، پزیشک.

5– یاوز چاملیبەلی، بایەزید، ئەفسەری تۆپخانە.

6– محەمەد عەلی دینلەر، جزیرە، خوێندکاری قۆناغی یەکەمی کۆلێژی یاسای زانکۆی ئەنقەرە.

7– یوسف کاچار، دەرسیم، خوێندکاری قۆناغی یەکەمی کۆلێژی تەکنیکی بیناسازی.

8– نورەدین یڵماز، جزیرە، خوێندکاری قۆناغی کۆتایی کۆلێژی یاسای زانکۆی ئەنقەرە.

بڕوانە ل 5

## تایبەت بە دۆخی ئەوروپای خۆرئاوا


# "ڕاستەکان" کار بۆ کەمینەیەکی دەوڵەمەند و "چەپەکان" کار بۆ کەمینەیەکی هەژار دەکەن

## لەو نێوەندەدا زۆرینەیەکی ڕەهای "چینی ناوەند" هەیە کە باجە قورسەکە دەدات!



تاریق هێدی– نەرویج

هەمیشە لە دیبەیتی نێوان ئەو پارتانەی لە هەڵبژاردەنەکانی وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوادا دەکرێت، وێنەیەک دەدات بە تاکەکان، کە بەرەی ڕاستەکان لە خەمی کەمکردنەوەی باجن لەسەر چینێکی دەوڵەمەند، ئەویش لەپێناو بەردەوامبوونی ڕەوڕەوەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، کە بەشێکی زۆری لەدەست ئەو چینەدان، دیارە ئەو چینەش ژمارەیەکی زۆر کەمن، ئەگەر بەراوردی بکەین بە کۆی گشتیی دانیشتووان.




هاوکات بەرەی چەپەکان کارێکی زۆر لەسەر بابەتە هەستیار و سۆزدارییەکان دەکەن و ئەمانیش داوای باجدانی زۆر دەکەن لە پێناو بەدەستهێنان و کۆکردنەوەی زۆرترین ڕێژەی پارە بۆ دابینکردنی کەمینەیەکی چینی خوارەوە و بەهێزکردنی سیستمی سۆسیال بۆ بێکار و نەداران، بەڵام هەقیقەتێک هەیە، کە ساڵی ٢٠١٨ نە سەدەکانی ناوەڕاستە و نەسەدەی نۆزەدە و ناوەڕاستی سەدەی بیستیشە، ئەویش ئەوەیە کە بەهۆی گۆڕانکارییە زۆر و زەوەندەکان لە نۆرمی ژیان، چینێک هەیە کە کەمترین بەشی بەردەکەوێت لە لەلایەن ڕاست و چەپەکانەوە بۆ هێنانەدی ژیانێکی باشتر بۆیان، ئەو چینەش لە ئەوروپای خۆرئاوادا دەکرێت بڵێین "چینێکی ناوەند"ە، کە زۆرینەی ڕەها پێکدەهێنن چوونکە چینێکن کە لە کاردان و خاوەن کارن، بەڵام نە هێندە سەرمایەیان هەیە تا بە دەوڵەمەند لە قاڵب بدرێن و نە بێکار و وەرگری سۆسیالیشن تا بە چینی خوارەوە (ئەوانەی لەسەر سۆسیال و دەستکەوتەکانی سیستمی خۆشگوزەرانی دەژین) ناوزەد بکرێن. ئەوەش بڵێم کە پێناسەی کرێکار وەک پێناسەی سەدەی هەژدە و نۆزدەی فەرەنسی و ئەڵمانەکان نەماوە و قسەیەکی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی کرێکارانیش کە لە کاردان و توانای خاوەنداریێتییان هەیە لە ئەوروپای خۆرئاوا و هەندێک وڵاتانی تر بوونەتە سەر بە چینی ناوەند. ئەوەی لەم ڕووداوانەی دوایی فەرەنسادا بینیمان زیاتر گرفتی ئەوانەن کە خاوەن کارن. ئەو ڕاچەنینەی شۆفێران و خاوەنکارەکانی فەرەنسا کە هێلگزەردەکان ناوزەدکران، بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ ئەمە، کە خەڵکانێکن خاوەن کار و ئوتومبێل و تا ڕادەیک خانووی خۆشیانن، بەڵام فشاری ژیان و بەرزیی نرخی سووتەمەنی و باج لەسەر ئەمان کاریگەری زیاتر دادەنێت نەک ئەو چینەی سەرەوە یان خوارەوە. لەوەی خوارەوە مەبەست ئەوەیە، کە کابرایەک گەر سەیارەی نەبوو و بۆ کار بەکاری نەهێنا ئیتر با لیتری بەنزین یان باجەکەی زیاد بکات یاخود با باخی قەرزی خانوو زیاد یان کەم بکات، کاریگەرییەکەی بۆ سەر ئەم زۆر کەمترە لەوانەی دەبێت باج و سووی قەرز بدەن. لەو باسانەدا نووسەر و شرۆڤەکاری کوردیش وێنەیەک دەدەن، بە خوێنەری کورد وەک ئەوەی تەنها دوو چین لە وڵاتانی ئەوروپادا بژین کە دەوڵەمەند یان هەژارن. ئەوی هەقیقەتە ئەوەیە کە ئەو دوو چینە کەمینەیەکی زۆرن. چوونکە دەوڵەمەند و سەرمایەدارەکان ژمارە و ناویان دیارە و تا ڕادەیەک هێندە کەمن کە زۆرینەیان ناسراون بۆ هاونیشتمانیان. بە هەمان شێوە ئەوی پێی دەڵێن چینی خوارەوە، ئەوانەن کە لەسەر سۆسیالن، بێکاران، دەرمانخۆر و خاوەن پێداویستی تایبەت یان گرفتی دەروونییان هەیە. ژمارەی ئەمانەش لەچاو کۆی گشتی دانیشتوواندا کەمە. ڕێژەی زۆرینەی دانیشتووان خاوەن کارێکن و نە دەوڵەمەندن و نە هەژاریشن وزۆرینەی ڕەهای پێکهاتەی کۆمەڵگە لەم چینەن کە مووچەیەکیان هەیە و دەتوانن بە پارەی خۆیان یان قەرزی بانک ئوتومبێل و خانوو بکڕن و ساڵانە یەک دوو گەشت بکەن. کۆی ئەم سیستمانەش کە لە ئەوروپای خۆرئاوادان سیستمێکی بەڕێوەبەربردنی کۆمەڵگەیان هەیە، بەناوی "سیستمی خۆشگوزەرانی یان باشگوزەرانی" بەڵام بە مۆدێلی جۆراوجۆرەوە لەم وڵات یان ئەوی تریان. لە سیما هەرە سەرەکییەکانی ئەم سیستمە ئەمانەن:

– هەموو کەسێک دەبێت ماڵێک یان شوێنێکی هەبێت، کە تیدیا بژی، جا ئەوەی کار دەکات، بەرپرسیارێتی خۆیەتی و ئەوی کار ناکات دەوڵەت و دەزگا حکومییەکان بۆی دابین دەکەن..

– هەموو کەسێک دەبێت داهاتێکی هەبێت بۆ خۆبەڕێوەبردن و دابینکردنی گوزەرانی ژیان، واتە چ ئەوانەی کار دەکەن، یان کار ناکەن داهاتێکی مانگانەیان هەیە.

– هەموو کەسێک دەبێت لە کاتی نەخۆشکەوتنیدا یارمەتی تەندروستی بدرێت.

– هەموو کەس دەبێت دەرفەتی خوێندنی بۆ بڕەخسێت لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن.

– لە کاتی بێکاری و خانەنشینبوون بەهۆی تەمەن یان نەخۆشی و کارەساتی دیکەوە، ئەوا تەمەنت هەرچەندێک بێت دوای هەڵسەنگاندن ڕێکاری یاسایی و ئابووری دەگیرێتە بەر و کەس بێبەش نابێت لێی.

– خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە بۆ ئەوەی ئەو سیستمە خۆشگوزەرانییە بەڕێوە بچێت و بەردەوام بێت ئەوا دەبێت هەمووان بەشدار بن تیایدا، ئەویش لەڕێگەی "باج"دانەوە، چونکە حکومەت تاکەکان وا فێر ناکات، کە هەموو شتێک هەر دەوڵەت هەموو مەسرەفەکان دابینکات و بەشێکی زۆر لە بوودجەی دەوڵەت بۆ نەوەکانی ئایندە و هاوکات بۆ بەردەوامبوونی سیستمی خۆشگوزەرانی لە ئایندەدا پەزمەندە دەکات. بۆ نموونە وڵاتێکی دەوڵەمەندی، ژمارە دانیشتووان کەمی وەک نەرویج ساڵانە تەنها لە نێوان ٣٪ بۆ ٤٪ی پارەی نەوت بۆ بودجەی ساڵانە بەکاردەهێنێت و ئەوی تری بۆ ئایندە پەمەزەندە دەکات. هەر بۆ نموونە نزیکەی لە ٢٥٪ی بوودجەی ساڵانە دەدات بە شارەوانییەکان و نزیکەی لە ٧٥٪ی دەبێت هەر شارەوانییەک خۆی پەیدا بکات، ئەویش لەڕێی پارەی باجی کار و شمەک و ڕسووماتی فەرمانگە و شوێنی دییەوە پەیدای دەکات.

هەربۆیە کاتێک لە شارەوانییەکدا زۆرینە کار بکەن و ڕێژەی نەخۆش و بێکار و ئەوانە کەم بن، کە لەسەر سۆسیال دەژین، ئەوا شارەوانییەکە باشتر دەتوانێت.

بڕوانە ل 5

# پاشماوه...پاشماوه...پاشماوه...پاشماوه...پاشماوه....

پاشماوەی لاپەڕە 4

خزمەتگوزاریی گشتی بە دانیشتووانی شارەوانییەکە پێشکەش بکات. دەبێت ئەوە بڵێم کە سیستمی خۆشگوزەرانی باشترین و نایابترین سیستمە لەسەر گۆی زەمین کە دەستەبەری ژیانی ئێستا و ئایندەی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات و مانەوەی سیستمەکە گرەنتییە بۆ بەردەوامبوون و بەڕێوەچوونی ڕەوڕەوەی ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگەش. ئیسلامی و چەپ و ڕاست و کەسانی دیکەی کوردیش بۆ نموونە بەهۆی هەبوونی سیستمی خۆشگوزەرانی و ئازادی و ئاسایشەوەیە کە هاتوونەتە ئەورووپای خۆرئاوا، ئوستراليا، کەنەدا و ئەمریکا.

گرفتەکە لە کوێدایە؟ گرفتە سەرەکییەکە ئەوەیە کە بۆ ئەوەی سیستمی "خۆشگوزەرانی" بەردەوامبێت پێویستی بە سەرمایەیەکی جێگیر و گەشەکردوو هەیە. بەڵام بەزربووووەوەی ئاستی تەمەنی تاکەکان و ژمارەی خانەنشینان و هاوکات لە هەندێک دۆخدا بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاران و نەخۆشان وادەکات کە دەوڵەت بۆ ئەوەی بەلانسێک بهێنێتەوە ڕێژەی باج لێرە و لەوێ زیاد بکات جا چ لەسەر ئەوانەی کار دەکەن یاخود لەسەر شمەکی بەکارهێنراو و لە نێوانیاندا سووتەمەنی و پارەی جادەوبان و بواری دیکە. جا ئەوی دەوڵەمەندە و خاوەن سەرمایەی زۆرە ئەم زیادکردنی باجە کارێکی ئەوتۆیان لێناکات، بە هەمان شێوە ئەوانەی لەسەر سۆسیال دەژین و یان لەسەر کاسەی دەوڵەت بۆ خۆشگوزەرانی و بەخشینە جۆراوجۆرەکانی دەژین کەمتر پێیانەوە دیارە، بەڵام ئەو چینە زۆرەی ناوەند کە خاوەنی کارێکن، فشارێکی زۆریان دەکەوێتە سەر. چوونکە ئەوانن ئوتومبێل بەکاردەهێنن و دەبێت باجی ماشێن و ڕێگەوبان و گاز و بەنزین بدەن. ئەوانن کە قەرزێکی زۆر یان قەرزێکی کەمیان کردووە بۆ کڕینی ئوتومبێل و خانووەکانیان، ئەوانن کە لە خەمی دانی پارەی جێگەی باخچەی منداڵانی زارۆکەکانیان و پێداویستی ڕۆژانە و چالاکییەکانی دوای خوێندنیان بن. هاوکات کەسێک کە کار دەکات لە کاتی هەستانی لە خەو سترێسێی زۆری لەسەرە کە لە کاتی خۆیدا بگاتە کار و لە دواییدا فریای ژیانی ڕۆژانەی خۆی و چالاکی منداڵانیشی بکەوێت. ئەم تاکە کارکەرە لە بیری ئەوەدایە کە ئەگەر باجی قەرزی خانوو بەرز بێتەوە تا چەند کار لە گیرفانی دەکات. ئەی ئەگەر کارەکەی لەدەست بدات چی لەو هەموو قەرزە بکات؟! ئەو کەسەی لەسەر سۆسیال دەژی ڕاستە لە شوێنێکی سادەدا دەژی بەڵام بێئەوەی کار بکات پارەی شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ دەدرێت، داهاتێکی مانگانەی دەدرێتێ و پارەی منداڵ و نەخۆشی و شتە سەرەتاییەکانی ژیانی بۆ دەدرێت. هەندێکیان کاری ڕەشیشی لەپاڵدا دەکەن بە جۆرێک داهاتی هەندێکیان زۆر زیاتر دەبێت لەوانەی لە کاردان. چوونکە ئەو پارەیەی بە ڕەش پەیدای دەکەن باجی لێ نادەن و بە موفتی دەیخەنە باخەڵیانەوە، بەڵام ئەمانە زیاتر بەرخۆرن و هیچ بەخشینێکیان، بۆ کاسەی شارەوانی نییە و هاوکات هەمان مافەکانی خوێندن و نەخۆشی و منداڵبوون و زۆری دیکەیان وەک هەر کەسێکی تر هەیە. کەمیش نین ژمارەی ئەوانەی کە دەڵێن جا بۆ کاربکەم خۆ گەر کاریش بکەم شتێکی زیاترم بۆ نامێنێتەوە لەوەی کە لەسەر سۆسیال بم و بۆ خۆم پاڵی لێبدەمەوە! دیارە ئەمەش بیرکردنەوەیەکی زۆر هەڵە و خۆپەرستانەیە. دوا شت باشترین زامنکاری بۆ مانەوەی ئەو دەستکەوتانە لەم سیستمانەدا، ئەوەیە کە "سیستمی خۆشگوزەرانی" بەردەوام بێت، بەڵام بەردەوامبوونی وابەستەیە بە کاری زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە کە لە چینی ناوەندن. هەربۆیە هەر کات فشارێکی زۆر بۆ ئەم چینە هات ئەوا دەشێت شلۆقی و نائارامی تەواوی وڵات بگرێتەوە و ئەم چینە دەتوانن فشارێکی زۆر بکەنە سەر دەوڵەت و سیستمە سیاسییەکان کە بیریکیان لێکاتەوە. گەر ئەمە لە ئێستاشدا بە فراوانی ڕوونەدات ئەوا بۆی هەیە لە ئایندەدا بێتە دی. ئەوە چینی ناوەندی کارکەرە کە دەبێت لەلایەک دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر بکەن و هاوکات نەهێڵن ورگی هەژارەکان خاڵی بێت! هەربۆیە فشارە گەورەکە لەسەر ئەم چینەیە.

پاشماوەی لاپەڕە 3

9- زیا نامی شەرەفخانئۆغڵو، بتلیس، پارێزەر.
10- مەدەد سەرحەد، ئیغدیر، خوێندکاری کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیستانبوڵ.
11- حەسەن ئاککوش، ئورفا، خوێندکاری کۆلێژی ئابووری.
12-عورفی ئاکقۆیونلو، پوێتویرگە، خاوەن کارگەی شتومەکی سڤیل.
13-سەلیم کلچئۆغڵو، ڤارتۆ، ئەفسەر.
14- شەهابەدین سەبتیئۆغڵو، پالو، ئەندازیاری کشتوکاڵ.
15- سەعید ئەلچی، بینگۆل، ژمێریار.
16-سەعید قرمزیتۆپراک، دەرسیم، خوێندکاری قۆناغی کۆتایی کۆلێژی پزیشکیی ئیستانبوڵ.
17-یاشار کایا، ئیغدیر، خوێندکاری کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیستانبوڵ.
18- فایەق ساڤاش، ئیغدیر، خوێندکاری کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیستانبوڵ
19- حەیدەر ئاکسو، قیغی، پارێزەر.
20- زیا ئاجار، قولپ، خوێندکاری قۆناغی دووەمی کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیستانبوڵ.
21- فازیل بوداق، دیاربەکر، خوێندکاری قۆناغی کۆتایی کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیستانبوڵ.
22- خەلیل دەمیرەل، ئیسلاحیە، ئەفسەری تۆپخانە.
23-فەرید بیلەن، دیاربەکر، خاوەن مەغازەی فرۆشتنی پێڵاو.
24- ئەسەد جەمیلئۆغڵو، دیاربەکر، ئەندازیاری کشتوکاڵ.
25- مستەفا نووری دیرەکچیگیل، دیاربەکر، پشکێنەری تەندروستی
26-فەوزی ئاوشار، قارس، خوێندکاری کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی ئیستانبوڵ
27-نەجاتی سیاخان، سوێرەک، خوێندکاری قۆناغی دووەمی کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیستانبوڵ.
28- حەسەن ئولوس، ئەرزەڕووم، (پیشە: نەزانراو).
29- نەزمی بالکاش، لجێ، خوێندکاری کۆلێژی دارستانی زانکۆی ئیستانبوڵ.
30- حسێن ئۆغوز ئوێچۆک، دیاربەکر، خوێندکاری بەشی ددان لە کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی ئیستانبوڵ.
31- محەمەد نازم چیغدەم، ئەنقەرە، وەستای بۆیاخ و کاری بیناسازی.
32- فەوزی کارتاڵ، وان، ئەفسەری یەدەک.
33- محەمەد ئایدەمیر، سوێرەک، خوێندکاری کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی ئیستانبوڵ.
34- عەبدول ڕەحمان ئەفەم دۆلاک، دیاربەکر، خاوەنی ڕۆژنامەی "ئیلەری یورت" و هاوبەشی ڕۆژنامەی "گویڤەن."
35- موسا عەنتەر، نوسێبین، پارێزەر و نووسەر.
36- جانب یڵدرم، دیاربەکر، پارێزەر.
37- ئەمین کۆتان، موش، ژمێریاری کارەبا.
38- کوێککەش قەرەداغ، ماراش، (پیشە: نەزانراو).
39-موحسین شاڤاتا، مەلاتیا، بازرگانی ئاژەڵ.
40- تورگوت ئاکن، ئەرگانی، خوێندکاری قۆناغی سێیەمی کۆلێژی یاسای زانکۆی ئەنقەرە.
41- سدقی ئەلبستان، هاسە، خوێندکاری کۆلێژی یاسای زانکۆی ئەنقەرە.
42- شەرەفەدین ئەلچی، جزیرە، خوێندکاری قۆناغی دووەمی کۆلێژی یاسا.
43- مستەفا ڕامانلی، بەشیری، خوێندکاری قۆناغی کۆتایی کۆلێژی یاسای زانکۆی ئەنقەرە.
44- محەمەد ئوێزەر، سوێرەک، خوێندکاری قۆناغی کۆتایی کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی ئیستانبوڵ.
45- فەیزوڵا دەمیرتاش، پالو، تەکنیکاری کشتوکاڵ.
46- جەزمی بالکاش، لجێ، خوێندکاری کۆلێژی دارستان.
47- خالس یۆکوش، قارس، خوێندکاری کۆلێژی میکانیکی زانکۆی ئیستانبوڵ.
48- عیسمەت بالکاش، لجێ، خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی.
49- سەعید بینگوێل، بینگوێل، خوێندکاری کۆلێژی ئابووریی زانکۆی ئیستانبوڵ.

*بەکالۆریۆسی ڕۆژهەڵاتناسی-بازنەی تورکیاناسی، زانکۆی بۆن، ٢٠١٦
*بەکالۆریۆسی زانستی نەوت و کانەکان، زانکۆی بەغدا، ١٩٩١

# هیلاری و ترەمپ.... دوو ئەمەریکایی زۆر جیاواز...

نوسینێکم وەک خۆی، کە بەر لە پتر لە دوو ساڵ و مانگێک لە شارپرێس بڵاوم کردەوە، هەروەکو بۆ ئەمڕۆ نوسرابێت وایە، بۆیە جارێکی دیکە دەمەوێ بڵاوی بکەمەوە...

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی کاتەکانم و نوسینەکانم بۆ زانست و گەردوونناسی تەرخانکردووە و زۆر کەم خۆم لە سیاسەت داوە، بەڵام سەرهەڵدانی دۆناڵد ترەمپ لە ئەمەریکا پتر لە دوو ساڵ و نیو ئەو کاتە زۆر سەرنجی ڕاکێشام و گەلێک بابەت و گوتارم لەسەر نوسی و بڵاوکردەوە، ئێستاش هەر پێم وایە ترەمپیزم وەک دیاردە ئەمەریکا و جیهان بەرەو ئاقارێکی جیاواز و نادیار دەبات.


لەهەموو بوارەکان بەتایبەتی لەبواری ژینگە، کە زۆر جێگەی گرینگیدانە بۆ من...

لینکی بابەتەکە، کە لە شارپرێس بڵاوکراوەتەوە لە 2016/11/4 دا...

http://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=73008



تەنها سێ چوار ڕۆژی ماوە بۆ ئەوەی ئەمەریکیەکان یەکێک هەڵبژێرن لە نێوان هەردوو کاندید هیلاری کلینتۆن و دۆناڵد ترەمپ وەکو سەرۆکی داهاتوویان، لێرەدا نامەوێت باس لە شیکاری دەنگەکانی ئەو دوو کاندیدە بکەم و بزانم کامەیان ئەگەری بردنەوەی زیاترە یان نا، بەڵکو تیشک دەخەمە سەر ئەو جیاوازیە گەورانەی لە سیاسەتی دەرەوەی هەردووکیان بە دی دەکرێت و بۆ هەموو جیهان گرنگن، هەروەها هەوڵ دەدەم باس لەو ئاراستانە بکەم کە ئەمەریکا بۆی دەڕوات لە ساڵانی داهاتوو لە ژێر سەرۆکایەتی هەریەکەیان، چونکە هەڵبژاردنی ئەمجارەی سەرۆکایەتی تەنیا هەڵبژاردنی هیلاری یان ترەمپ نیە بە تەنیا، بەڵکو هەڵبژاردنی دوو ئاراستەی زۆر جیاوازە لە یەکتری کە ئەمەریکا ڕووبەڕووی دەبێتەوە... دیارە لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی سەرۆکایەتی، ئەمەریکیەکان لە نێوان هەردوو سیاسەت و بۆچوونی کۆماریەکان و دیموکراتەکان بە جیاوازیە تەقلیدیەکانیەوە یەکێکیان هەڵدەبژارد کە لە بنەڕەتدا لە گەلێک بواری پەیوەندیدار بە سیاسەتەکانی دەرەوە یەکیان دەگرتەوە وەکو: بازرگانی ئازاد، کرانەوە بەڕووی جیهان و بەجیهانگیری کردنی ئەمەریکا، پاڵپشتی کردنی هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا لە ئاسیا و ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕووبەڕووبونەوەی سیاسەتە پاوانخوازەکانی ڕووسیا لە ئەوروپا و سیاسەتەکانی وڵاتی چین لە ڕۆژهەڵات و باشووری ئاسیا، هەروەها کردنەوەی دەرگای کۆچکردن بە واڵایی و گەلێک بواری تر...بەڵام سەرهەڵدانی دۆناڵد ترەمپ وەکو کاندید و سەرکردەی ئەمجارەی پارتی کۆماری بووە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێک گۆڕانکاری بنەڕەتی و ئاراستەیەکی نوێ لە سیاسەتی کۆماریەکان کە بێ وێنەیە لە مێژووی ئەو پارتە و تا ئێستا نازانرێت لە ئەگەری هەڵبژاردنی ترەمپ و جێبەجێکردنی ئەم سیاسەت و بۆچوونانە ئەمەریکا و بگرە جیهانیش بەرەو کوێ دەبات، کۆمەڵێک پرسیاری زۆر گرنگ هەن، ئایا داخستنی دەرگای بازرگانی ئازاد خزمەت بە ئابووری ئەمەریکا و جیهان دەکات؟ ئایا خۆ کێشانەوەی پێ بە پێ ی ئەمەریکا لە گۆڕەپانی جیهانی و کێشە نێودەوڵەتیەکان و جێهێشتنی کێشەکان بۆ کۆمەڵێک وڵاتی تۆتالیتاری وەکو ڕووسیا و چین و ئێران و کۆریای باکوور... هتد مەترسیدار نیە بۆ ئەمەریکا و ئەوروپا و جیهان؟ یان ئایا ڕێگەگرتن یان بەربەست دروست کردن لە بەردەم کۆچکردن کە ئەم ئەمەریکایەی ئەمڕۆی لێ دروست بووە دەبێتە هۆی گێڕانەوەی گەورەیی و هەیبەت بۆ ئەمەریکا هەروەکو ترەمپ بانگەشەی بۆ دەکات؟ ئایا پاشگەزبوونەوەی ئەمەریکا لە ڕێکەوتنامەکان بە نموونە ڕێکەوتنامەی پاریس کە بۆ ڕێگری کردنە لە پەرەسەندنی گەرمبوونی گۆی زەوی، مەترسیدار نابێت بۆ نەوەکانی داهاتوو؟ ئەمان پرسیارانە بەشێکی کەمن لەو پرسارانەی دەکرێت دەربارەی بەرنامەکانی دۆناڵد ترەمپ ئەگەر ببێتە سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا...لەوانەیە زۆربەمان بڵێین ئەمەش تەنیا کێبڕکێیەکی ئاسایی ترە لە نێوان کۆماریەکان و دیموکراتەکان، بەڵام بە قسەی زۆرینەی سەرکردەکانی پارتی کۆماری ترەمپ لە زۆربەی ئایدیا و بۆچوونەکانی ئەو پارتە لای داوە و کۆنسەرڤەتیڤێکی ڕاستەقینە نیە، کە پارتی کۆماری پێ ناسراوە، هەموو ئەمەریکیەکان شانازی بە مێژووی پارتی کۆماری دەکەن، دوای ئەوەی ئەم پارتە دروست بوو، لە کۆتایی ساڵی هەزار و هەشت سەدو پەنجاکان، توانی لەسەر دەستی ئەبراهام لینکۆلن، کە یەکەمین سەرۆکی ئەو پارتە بوو، لە ساڵی 1861 چووە کۆشکی سپی، گەورەترین شانازی بۆخۆی لە مێژووی ئەمەریکا و مرۆڤایەتی تۆماربکات، ئەویش بە نەهێشتنی کۆیلەداری لە سەرانسەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا




لوقمان حەویز – ئەمەریکا

دوای شەڕێکی خوێناوی، هەروەها جێگەی گومان نیە کە ئەو گەورەیی، بەهێزی، بەرپرسیاریەتی و هەیبەتەی کە ئەمەریکا ی ئەمڕۆی پێ ناسراوە لەسەر ئاستی جیهان زۆربەی بەهۆی سیاسەت و هەوڵ و کۆششی پارتی کۆماری هاتۆتە کایەوە، بەڵام ئێستا ئەم پارتە گیرۆدەی دەستی دۆناڵد ترەمپ بووە، لەبەر ئەوە هەڵبژاردنی ئەم جارە کێبڕکێیەکی تەقلیدی نیە لەنێوان کۆماریەکان و دیموکراتەکان... بە بەراوردیش هیلاری کلینتۆن کە لەگەڵ ئەوەی هەڵبژاردەیەکی باشی دیموکراتەکان نیە و بە کۆمەڵێک کێشەوە بۆتە کاندیدی پارتی دیموکرات، بەڵام بە پێچەوانەی ترەمپ، ئەو پتر لە 30 ساڵ کاری سیاسی کردووە و کۆمەڵێک بەرنامەی ڕوون و ئاشکرای هەیە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و داهاتووی ئەمەریکا، هەروەها پابەندی ئەمەریکا ی دووپات کردۆتەوە بە پاڵپشتی کردنی هاوپەیمانەکانی و پاراستنیان لە چوارچێوەی ڕێکەوتنەکان و هاوپەیمانیەتی ناتۆ، درێژەپیدان بە ڕێکەوتنامە گرنگەکان و بازرگانی ئازاد... لەگەڵ ئەوەی هیلاری لەڕووی سیاسەتی دەرەوە تۆماتبار دەکرێت بە درێژەپێدەری سیاسەتەکانی سەرۆک ئۆباما، بەڵام لەڕاستیدا سیاسەتەکانی ئەو جیاوازیەکی بەرچاوی هەبووە لەگەڵ سیاسەت و بۆچوونەکانی ئۆباما لە گەلێک مەسەلە، بۆ نمونە لە سوریا هەر لە سەرەتاوە هیلاری کلینتۆن لەگەڵ ئەوە بوو ئەمەریکا ڕۆڵی زیاتری هەبێت لە یەکلاییکردنەوەی کێشەکە، بەڵام باراک ئۆباما لەگەڵ ئەو بۆچوونە نەبوو، هەروەها هیلاری کە بە هەڵۆی ناو دیموکراتەکان دەناسرێت و لەگەڵ ڕووبەڕووبونەوەی سیاسەتەکانی ڕووسیایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا...بەگشتی سەرۆکایەتی ترەمپ گەر بەرجەستە بێت کۆمەڵێک شتی نادیار لەگەڵ خۆی دێنێت لەسەر ئاستی هەموو جیهان و هەروەها بە دڵنیاییەوە دەبێتە سەرەتایەک بۆ خۆ کێشانەوەی ئەمەریکا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئەمەش مەترسیدار دەبێت و بالانسی هێز بەلای ڕووسیا و کۆمەڵێک وڵاتی پاوانخوازی تر دەبات، ئەمانەش لەوانەیە ئەنجامی نادیار و مەترسیداریان ببێت بۆ هەموو جیهان، دیارە لەهەمان کاتیش هەڵبژاردنی هیلاری کێشە گەورە و هەڵپەسێردراوەکانی جیهان چارەسەر ناکات، بەڵام لایەنی کەم بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی ترەمپ ئارامیەک دەبەخشێتە جیهان بە تایبەتی هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا، هەروەها پەیامێک دەبێت بۆ ئەوان کە ئەو وڵاتە پشتیان تێ ناکات و پاشەکشە ناکات لە بەرپرسیارەتەکانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی...

# هەواڵی ئەدەبی و چاپەمەنی نوێی کوردیی و دیاری بۆ تاراوگـــە

## ژیانێکی تر





بەمزوانە ئەم دیوانە شیعرییەی هاوڕێمان، شانۆکاری ناسراو (دانا ڕەئووف)، لە ناوەندی باڵندە بڵاو دەکرێتەوە، ئەم شیعرانە بەر لە پانزە ساڵ زیاتر، بە زمانی سویدی نووسراون و لە دەزگای (پیۆنیار) چاپکراوە، شاعیر و وەرگێر (کەریم تاقانە)، بە زمانێکی شیرین کردوونی بە کوردی. ئەوەی شایانی باسە، ئەم دیوانە شیعرییە بە زمانی سویدی، تەنها یەک دانەیشی لە کتێبخانەکانی سوێددا نەماون، بۆیە بڵاوبوونەوەی بە کوردی جێگای خۆشحاڵییە. سوپاس بۆ تاقانە و بۆ ناوەندی باڵندە و دانا ڕەئووفیش ...چاوەڕوانین!

## دوو دیاری دانسقە و بە نرخ لەسەر دوو جوامێر و نەمر





لە سەردانی ئەمجارەمدا بۆ وڵات، بە دیاری کۆمەڵێک ئازیز و خۆشەویست گەیشتم، کۆمەڵێک دیاری دانسقە و بەنرخیان پێشکەش کردم، دووان لەو دیاریانە، کتێبی(ئازاد هەورامی کەرکوکییەکی کوردستانی و حەمەڕەش گەرمیانییەکی گرگرتوو)، لە دوو بەرگی جوانی چاپی 2018، لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی نوسەر و شاعیری ناسراو (ئەمیرە محەمەد).

دیارییەکی دەگمەن (مێژووی خانەقی)، ئامادەکردنی مامۆستا جەعفەر (فازیل کەریم ئەحمەد)، بۆ تاراوگـــە




## لێرەش ڕووم لە تۆ بوو ئەی نیشتمان
## شاخەوان شێخ محەمەد ماویلی




لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا، ڕۆژی 19-12-2018 لە کافێ نێتی ئەمنە سورەکە، هەرسێ کتێبی ( دیاردە و دیدگا، لمحات استراتیجیە، شمشاڵ ژەنی ئاڵووالا)ی خاتوو نەرمین عوسمان بۆ ئامادەبووان ئیمزا کرا، بڵاوکراوەی تاراوگەش ئەو دیاریانەی بە سوپاسەوە پێبەخشرا.



## هەرجارەی هونەرمەندێکی شێوەکاری
## کاوە ڕەمزی



ساڵی 1962 لە سلێمانی لەدایک بووە، هەمیشە وێنەکێشان بەشێک بووە لە ژیانی و خولیای پەرەپێدانی هونەرەکەی بووە، خانەوادەکەی هاندەر و پاڵپشتێکی سەرەکی بوون لە بەرەوپێشچوونیدا، پێش ئەوەی وڵات بەجێ بهێڵێت، لە چەندین پێشەنگەی تایبەت و هاوبەشی شێوەکاریدا، لەشاری سلێمانی بەشداری کردووە، جگەلەوەش مامۆستا بووە، لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی.

کاوە لە ساڵی 1995 ەوە، ئاوارەی هەندەران بووە، لە هۆڵەندا لە شاری ئەنیشخدەی نیشتەجێ بووە و لەوێش سەرقاڵی کاری هونەر بووە توانیوێتی ئەکادیمیای هونەری AKI لە شاری ئەنیشخدەی تەواو بکات.

کاوە بە ماتریالی جیاواز کارە هونەرییەکانی ئەنجامدەدات، وەکو ڕەنگی ئەکریل لەسەر قوماش و کاری سیرامیک بە شێوازی تایبەتی خۆی، کاوە لە چەندین پێشەنگەی تایبەتی و هاوبەشی خۆی لە کوردستان و هۆڵەندا و ئەڵمانیا بەشداری کردووە.

ئێستا سەرقاڵی کاری شیوەکاری و سیرامیک وانەگوتنەوەی هونەرییە لە شاری ئەنیشخدەی لە هۆڵەندا.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/kawa.ramzi.5












# تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA



E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807